www.kurdistannet.org
29-5-2006 19:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێنج هەزار و پێنج سەد پاسەوان لە خزمەتیاندا ... ئارام گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دوا قارەمانییەتییان بۆ گەلانی عێراق داوای (20) گاردیان کردووە بۆ پاراستنی ژیانی گرانبەهایان، بە لێکدانەوەیەکی حیسابی، حکومەت بۆ ئەم مەبەستە لەسەریەتی (5500) کەس لە خزمەتیان دابنێت.

ئاخر کەی ڕەوای هەقە، کۆنە بەعسییەکی بەرەی تەوافق کە تا دوێنی زوڕنا ژەنی بەعس بووە ئیمڕۆ داهاتی ئەو وڵاتەی بە ڕەمەکی پێبدرێت، لەم وڵاتە کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش بەشێکە لە دام و دەزگاکانی، ئەندام پەرلەمان لە بری ئەوەی ببێتە سەکۆیەك بۆ هەژاران و گەیاندنی هاواری قوڕگی میللەت، بوونەتە ترۆپکی گەندەڵکاریی و لە پێناو حەزە کۆتایی نەهاتووەکانیان، سوننە و شیعە، شوعی و ئیسلامی، یەك هەڵوێست و یەك داخوازیین.

چاوەڕێی چی لە ئەندامێکی پەرلەمان دەکرێت؟ لە پێناوی سی گەڵا ژمێریاریی پەرلەمان فریو بدات لەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی، یاخود بۆ دابین کردنی (20) پاسەوان عەوداڵتر بێت، لە جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوك.

دروست بوونی ئەو جیاوازییە بێسنوورە لە نێوان، ئەندامانی دەسەڵات (پەرلەمان، حکومەت) و هاوڵاتی ئاسایی، گەورەترین بەربەستە بۆ گەیاندنی پەیام و داواکاری و ئەوەی دووەمیان، ئەوە بۆیە تاك لە ڕۆژهەڵاتی ناقین هەمیشە ڕەشبین و بی ئومێدە لە دەسەڵات.

زانیارییم بە دەست نەگەیشتووە، کە چ مووچەیەك بۆ هەریەکە لە گاردە خۆشەویستانە دەبرێتەوە، لی دڵنیام کە لە (500000) کەمتر نییە، بۆیە لەگەڵ مووچەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کە دە هەزار دۆلارە، تێکڕای مانگانەی پەرلەمانەکەی عێراق (تەنها بۆ خەرجی ئەندام پەرلەمانەکانی، جگە لە سەرۆك و هەردوو نائیبەکەی) بریتییە لە (4262500000) چوار ملیار و دوو سەد و شەست و دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری بریمەرە؟؟؟

نازانم، ڕۆژنامەی ئاوێنە ئەو هەڵایە چی بووە نابوویەوە بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە مووچەکانیان، ئاخر ئەو فەقیرانەی ئێمە لە چاو دەعباکانی عێراق مێشن، دەزانن ڕەنج قەرەداغی کە ئەو کارەی کردبوو، هەقە ببێتە بەرپرسی ژمێریاریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.